# ئەنفال و جینۆسایدی كورد
# لە كۆڕێكی ڕۆشنبیری سەنتەری گە نجانی ڕانیەدا

لە هێڤارەوە

وەك ئەوەیبە ئەركی خۆی دەزانێت هەموو پێنج شەممەیەك كەسێكی ڕۆشنبیر، یان نووسەر یان شارەزا لـە بوارێكدا بـانگ بكـاتو كۆڕیان بۆ ڕێك بخات، سەنتەری چالاكی گەنجانی ڕانیەی سەر بە منداڵپارێزی كوردستان ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٦/٨/٣ كاتژمێر ٦ ئێوارە لە باخچەی سەنتەر هەڵسا بە سازدانی كۆڕێكی ڕۆشنبیری بۆ نووسەر و ڕووناكبیر مامۆستا ( **محمد حەمە صالح توفیق** ) لەسەر ( **ئەنفال و جینۆسایدی كورد** ) . كۆرەكە لە لایەن صدیق عەلی بەڕێوە براو سـەرجەمی ماوەكـەی دوو كاتـژمێری خایاند..

مامۆستا لە بابەتەكەیدا بە وردی تیشكی خستە سەر پێناس و ناساندنی جینۆساید وەك پرۆسەیەكی كۆمەڵ كوژی و باسـكردنی لایەنـە مێژوویيەكـەی دواتـر لـە سـەر ئـەنفال و جینۆسـایدی كـورد دوا و ئـەم پرۆسـەیەی بەسـتەوە بـە عەقلیـەتی شـۆڤێنیەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و كە تا هەنوكەش بە شێوەی جیاجیـاو لـە بـەرگی تـردا خـۆی دووبـارە دەكاتـەوە، هـەروەك بەشـێوازێكی زانستیانەو بە چەندین بەڵگە ئەوەی سەلماند كە ئەنفال دەچێتە خانەی جینوسایدەكانی تری مێژوو بـە دادگـایی كردنـی صـەدامو عەلی حەسەن مەجید كۆتـایی نایـەت، هـەروەك چـۆن لـە سـەرەتای حـوكمی ئەوانـەوە دەسـتی پـێ نـەكردووە، بـەڵكو پێشـینەو مێژوویێكی تری هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق.

ئەوەی باسەكەی مامۆستای دەوڵەمەند تر كـرد، تێبینیـەكانی چـەند كەسـێكی بەشـداربووی كۆڕەكـە بـوو، كـە لـە وەڵامدانـەوەی ئەواندا زیاتر بەڵگەو ڕاستیەكان ڕوون كرانەوەو بابەتەكەش جێگای سەرنجی ئامادەبوان بوو.











ماوەتەوە بلێن مامۆستا ( محمد حەمە صالح ) خاوەنی چەندین بەرهەمی بە پێزە، کە لە ناویاندا چەند کتێبێکی وەگێردراون لە زمانە بیانیەکاندا بە تایبەت کتێبی( جینۆساید لە لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال لەسەر کورد ) هەروەها مامۆستا خاوەنی چەندین بەرهەم و لێکۆلینەوەیە لەسەر ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی و بەشێك لە بابەتەکانی وەرگێردراونەتە سەر زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە بواری پیشەیشدا ٢٠ ساڵ مامۆستای ئامادەیی وبوە، ئیستاش بەرێوبەری بەرنامەی منداڵپارێزی کوردستانە .